
# وەرزشکاران بە دەنگی بەڵێ رۆژی گشتپرسی دەکەنە رۆژێکی نیشتمانی



■ دیار جومعە گۆڵپارێزی یانەی کەرکووک:

«ئەوە خەونی هەموو کوردێکە بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگ بە بەڵێ بدات بۆ سەربەخۆیی، منیش وەکو یاریزانێکی شاری کەرکووک دەنگ بە بەڵێ دەدەم، چونکە دەمێکە هەوڵ بۆ ئەوە رۆژە دەدەین و چاوەڕوانی ئەوە رۆژەین، هیواداریشم دەنگدانمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێت و بتوانین ئەو رۆژە کارێکی گەورە بکەین بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە گرنگە، بەهیوای ئەوەشم وەرزشکاران دەنگ بە بەڵێ بدەن بۆ دیاریکردنی چارەنووسی میللەتەکەمان.»




■ هەڵاڵە فەیسەڵ یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان و ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری چیا بۆ وەرزش و لاوان:

«وەکو کچە وەرزشوانێك و وەکو هەموو کوردێك حەزدەکەم و ئاواتم ئەوەیە کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ ببینم، ئێمەش وەکو وڵاتانی جیهانی بتوانین ئەو خەونە لەمێژینەمان بەدی بهێنین، بتوانین خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دابین بکەین، لە ئێستادا ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە کە ئەم دەرفتە لە دەست نەدەین و بتوانین وڵاتێکی ئارام بنیاد بنێین کە ببێتە هۆی چارەسەری هەموو کێشەو و قەیرانەکان و ئارامی بۆ کوردستانمان، بۆیە ئێمەی وەرزشوانانیش لە سەرمان پێویستە پشتگیری پرۆسەی یەکەمی ریفراندۆم و گشتپرسی بین لە پێناو ئازادی و داهاتووی خۆمان بۆیە لەم رۆژە بە بەڵێ دەنگ بۆ ریفراندۆم و بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەین، داواکاریشم لە سەرجەم وەرزشکارن بە (بەڵێ)یەکانیان پرۆسەکە گرنگتر بکەن و هەمووان پێکەوە رۆحی شەهیدانمان شاد بکەین.»



■ ئازاد عەبدولڕەحمان ناوبژیوانی نێودەوڵەتی یاری تۆپی باسکە:

«رۆژی دەنگدان بە ریفراندۆم و گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی رۆژێکی مێژوویی دەبێت بۆ سەرجەم هاونیشتمانییانی کوردستان، چونکە ئەوە بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەمانەو بڕیارێکی چارەنووسازە بۆ میللەتی کورد کە لەژێر ئەو هەموو زوڵم و ستەمە رزگاری ببێت، من وەکو ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی تاکە هیوام سەربەخۆییە و بە ئاواتم رۆژێك لە رۆژان یەك فیکە بۆ سەربەخۆیی لە یارییەکی نێودەوڵەتی لێبدەم، بۆیە وەکو وەرزشکارێك دەنگ بە بەڵێ و سەربەخۆیی دەدەم و ئەو رۆژەش داواکام وەرزشکاران بیکەنە جەژنێك بۆ ئەوەی بتوانین گەورەترین مافی سەرەتایی خۆمان بەدەست بهێنین و هاووڵاتیانی کوردستانیش بە تێکڕای دەنگیان پرۆسەکە سەربخەن و دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن.»

رۆژ بە رۆژ لە رۆژە گرنگ و مێژووییە نزیك دەبینەوەو پاڵپشتیكردنیش بۆ سەربەخۆیی كوردستان لە زیادبوونە لەلایەن هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگەی كوردی، چینی وەرزشكارانیش بە یەكێك لە چینە گرنگ و كاریگەرەكان دادەنرێت، بۆیە وەرزشكارانی كوردستان لە ئێستاوە ئامادەكاری باشیان بۆ ئەو رۆژە گرنگ و چارنووسسازە كردووە بۆ ئەوەی بە بەڵێ دەنگ بدەن و پرۆسەی هەڵبژاردن بەرەوپێش ببەن و لە خەونی سەربەخۆیی زیاتر نزیك ببەنەوە. رۆژی ٩/٢٥ رۆژێكی تەواو جیاواز دەبێت بۆ وەرزشكاران، چونكە وەرزشكاران چیتر نایانەوێت لەژێر ناوی هیچ ئاڵایەك بچینە نێو كێبڕكێیە نێودەوڵەتییەكان، بۆیە بە دەنگدانیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ئەو رۆژەیان بۆ دیتەدی، ئەو رۆژەش جگە لە دیاریكردنی چارەنووسی میللەتێكی خاوەن سەدان ساڵ خەبات و تێكۆشان و خاوەن هەزاران شەهید، سەوەرییەكی هەمیشەیی بۆ كورد تۆمار دەكات، بۆیە وەرزشكاران وەك توێژێكی گرنگی كۆمەڵگە دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ بەدیهێنانی خەونە گەورەكەیان كە سەربەخۆیی كوردستانە، سەرۆكایەتی هەرێمیش رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی وەكو رۆژی گشتپرسی دیاری كردووە وەرزشوانانیش ئەم رۆژە دەكەنە رۆژێكی نیشتمانی و لەم بارەشەوە وەرزشكاران رای خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەردەبڕن.




## راندی مەتێ ڕاهێنەری تیپی باڵەی یانەی ئەكاد:

«وەكو راهێنەر و وەرزشكارێك لە رۆژی ٩/٢٥ بە بەڵێ دەنگ دەدەم بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆمان، ئەو رۆژەش رۆژێكی مێژوویی دەبێت بۆ گشت خەڵكی كوردستان بەتایبەت وەرزشوانان، من وەكو كریستیانێكی خەڵكی كوردستان و راهێنەر لە تیپێكی كچان لە شارۆچكەی عەنكاوە خۆم ئامادە كردووە بۆ سەربەخۆبوونی وەرزشی كوردستان و دروستكردنی هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی كوردستان و نوێنەرایەتیكردنی كوردستان لە پاڵەوانیەتییە جیهانی و نێودەوڵەتییەكان، بۆیە دەنگ دەدەین بە دیاریكردنی چارەنووسی هەموومان، ئەو رۆژەش دەبێتە رۆژێكی گرنگی نیشتمانی، هیواداریشم هەموو وەرزشكارانی كوردستان لەم رۆژە گرنگە دەنگ بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ) بدەین.»



## كاژین خوزندە یاریزانی تۆپی دەستی یانەی قەڵای هەولێر:

«من وەكو یاریزانێك زۆر بە سەربەرزی و تامەزرۆییەكی زۆرەوە چاوەڕوانی رۆژی ریفراندۆم دەكەم تا بە دەنگێكی بەرز و پڕ هەستی نەتەوایەتی بڵێم (بەڵێ ) ئەوە مافی منە كە خاوەن دەوڵەتی خۆم بم و ئێمەش هەڵبژاردەیەكی تایبەت بە خۆمان هەبێت وەكو كوردستان ئیتر با بەس بێت ژێردەستەیی، هیواداریشم ئەوە رۆژە وەرزشكاران بیكەنە كەرنەڤالێكی گەورەی نیشتمانی و هەموومان بە یەكەوە ئەو پرۆسەیە سەركەوتوو بكەین، هیواداریشم هەموو تاكێكی كورد ئەو خەونە گەورەیان بهێننەدی ئەویش بە دەنگدانمانە بە بەڵێ لەسەر سندوقەكانی دەنگدان.»



## جگەرخوێن عەلی یاریزانی تیپی باسكەی یانەی زاخۆ:

«من وەكو یاریزانێك بەهیوای هاتنی ئەو رۆژە گرنگ و مێژووییەم بۆ ئەوەی بتوانین بە دەنگدانمان بە بەڵێ خەبات و قوربانیدانی میللەتەكەمان بەفیرۆ نەڕوات و بتوانین رۆحی شەهیدانمان شاد بكەین. داواكارم لە هەموو لایەك ئەو رۆژە بكەنە كەرنەڤالێكی گەورەیی نیشتمانی بۆ دیاریكردنی چارەنووسی یەك میللەت كە خاوەنی سەدان ساڵ خەبات و قوربانیدان و دەربەدەرییە، دڵنیاشم گرنگترین پرۆسەیە لە كوردستان كە چارەنووسمان وەكو نەتەوە بە دیار دەكەوێت، ئەگەر سەربەخۆییشمان بەدەست هێنا، ئیتر بە ناوی كوردستان بەشداری كێبڕكییە نێودەوڵەتییەكان دەكەین، ئەوەش خەونی هەموو وەرزشوانێكە لە كوردستان.»




# باکا چووە ڤیاریال

یانەی ڤیاریاڵی ئیسپانی گواستنەوەی کارلۆس باکای کۆلۆمبی و هێرشبەری یانەی میلانی ئیتاڵی بۆ ریزەکانی کۆتایی پێهێنا.
رۆژنامەی تۆتۆ مێرکاتۆی ئیتاڵی بڵاویکردووە یانەی ڤیاریاڵی ئیسپانی لە گواستنەوەی کارلۆس باکای کۆلۆمبی سەرکەووتوو بووە ئەو یاریزانەی لە یانەی میلانەوە بۆ ریزەکانی گواستوەتەوە.
رۆژنامە ئیتاڵییەکە بڵاویشیکردووە گواستنەوەی باکا بەشێوەی خواستن و بۆ ماوەی وەرزێکە، هاوینی داهاتووش ژێر دەرپاییە زەردەکان مافی کڕینی ئەو یاریزانەیان دەبێت.
بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ یانەی ڤیاریاڵ بڕی دوو ملیۆن یۆرۆ وەك موچەی ساڵانە دەداتە هێرشبەرە کۆلۆمبییەکەو هاوینی داهاتووش بە ١٤ ملیۆن یۆرۆ بەفەرمی باکا دەکڕێت.




# فیگۆلی یانەیەکی نوێی هەڵبژارد

یانەی گەڵاتەسەرای تورکی بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ سوفیان فیگۆلی جەزائیری یاریزانی یانەی وێستهام یونایتدی ئینگلیزی واژوو کرد .
یانە تورکییەکە لە راگەیاندراوێکدا بڵاویکردووە یانەکەیان گرێبەستی لەگەڵ سوفیان فیگۆلی یاریزانی یانەی وێستهام یونایتد واژوو کردووە.
بڵاویشیانکردووە گرێبەستەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵە و بەرانبەر بڕی چوار ملیۆن پاوەند واژوو کراوە .
لە چەند رۆژی رابردوودا ناوی یاریزانەکەی یانەی وێستهام بە خولی یانەکانی تورکیا بەسترابووەوە، دواجار یانەی گەڵاتەسەرای تەواوی ئاستەنگەکانی تێپەڕاندو فیگۆلی بردە ریزەکانیەوە .
سوفیان فیگۆلی هاوینی رابردوو یانەی ڤالێنسیای ئیسپانی بەجێهێشت و پەیوەندیکرد بەیانەی وێستهامەوە، بەڵام نەیتوانی لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە ئاستی بەرز نمایش بکات.



# رۆما وازی لە ریاز مەحرزی هێنا



یانەی رۆمای ئیتاڵی دەستبەرداری بیرۆکەی گواستنەوەی ریاز مەحرزی جەزائیری و یاریزانی یانەی لیستەر سیتی ئینگلیزی بوو.
تۆڕی سکای سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردووە یانەی رۆما تا کۆتا ساتەکان هەلی دابووە یانەی لیستەر سیتی تاوەکو وەڵامی ئەو گرێبەستەیان بدەنەوە کە بەرامبەر ٣٥ ملیۆن یۆرۆ داوای ریاز مەحرەزیان کردبوو.
سکای سپۆرت ئاشکرایکردووە ئیدارەی لیستەر سیتی پێش تەواوبوونی وادەکە پەیوەندییان بەیانەی رۆماوە کرد پێیان راگەیاندوون بەو نرخە دەستبەرداری یاریزانەکەیان نابن.
بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئیدارەی یانەی لیستەر سیتی رایانگەیاند بەکەمتر ٤٤ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری مەحرەز نابن، ئەوەش لە کاتێکدایە پێشتر رایانگەیاندبوو مەحرەز یەکسانە بە ٥٠ ملیۆن یۆرۆ.
پێشتریش بەرێوبەری وەرزشی یانەی رۆما رایگەیاندبوو یانەکەیان زیاتر لە ٣٥ ملیۆن یۆرۆ لە گواستنەوەی یاریزانە جەزائیرییەکەدا خەرج ناکات و گەر بەنەخێر وەڵامیان بدرێتەوە، بیرۆکەی گواستنەوەی ئەو یاریزانە رەتدەکەنەوە.



# پاوڵینیۆ
# چوارەم گرانترین گرێبەستی مێژووی بەرشلۆنەیە

پاوڵینیـۆی بەرازیلی بە پەیوەندیکردنی بە یانەی بەرشـلۆنەی ئیسـپانییەوە بووە چوارەم گرانترین گرێبەستی مێژوویی، کە یانەی بلاوگرانا مۆری کردبێت .

پێگـەی (ترانسـفێر مارکێـت) بڵاویکـردووە گرێبەسـتەکەی پاوڵینیۆ چوارەم گرانترین گرێبەسـتی مێژووی یانەی بەرشلۆنەیە.

نێیمار دا سیلڤای بەرازیلی تا ئێستا گرانترین گرێبەستە، کە یانەی بەرشلۆنە واژووی کردبێت، نێیمار لە ساڵی ٢٠١٣ بەگرێبەستێك کە بەهاکەی ٧٩,٣ ملیۆن پاوەند بوو پەیوەندی کرد بەیانەی بەرشلۆنەوە.

هاوکات لویس سوارێزی ئۆرۆگوایی لە پلەی دووەمی گرانترین ئەو گرێبەستانەدایە، کە بەرشلۆنە ئەنجامی داوەو لە ساڵی ٢٠١٤ بەرامبەر ٧٣,٥ ملیۆن پاوەند ئەو یاریزانەی لە لیڤەرپوڵەوە گواستووەتەوە .

زلاتـان ئیبراهیمۆڤیچی سـویدی لـە پلـەی سـێیەمی گرانترین گرێبەسـتی مێـژووی یانەی بەرشلۆنەدایە و یانە ئیسپانییەکە لە ساڵی ٢٠١٠دا بەرانبەر بڕی ٦٢,٥ ملیۆن پاوەند ئەو یاریزانەی لە ئینتەرمیلان گواستووەتەوە .

دواجاریش پاوڵینیۆ و داڤید ڤییا لە پلەی چوارەمدا دەبینرێن و بەرشلۆنە لە گواستنەوەی هەریەکێکیاندا بڕی ٣٦ ملیۆن پاوەندی خەرجکردووە.

**تەلار بیلال:**
**ناوبژیوانی یاریی باسکە لە کوردستان**

# ئەوەی لە ساڵانی پێشوو بنیاد نراوە خەریکە لەناو دەچێت



ناوبژیوانی لە یاریی باسکە بەهۆی زۆریی یاساکانی بۆ ئاستی کچان تا رادەیەک زەحمەتە کە بتوانن بێنە نێو ئەم بوارە وەرزشییە، بۆیە تەلار بیلال تاکە کچە ناوبژیوانە لە کوردستان کە ئەم کارەی هەڵبژاردووە. ئەم خانمە ناوبژیوانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی شاری سلێمانی و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی و لە یەکەمەکانی هەمان زانکۆ بووەو ناوبژیوانی پلە یەکی عێراقە و ئێستا بەردەوام لە یارییەکانی وەرزشی باسکە کاری ناوبژیوانی دەکات و یارییەکان بەڕێوەدەبات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

کارزان کانەبی

● **چۆن بوو بواری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

-پێش کاری ناوبژیوانی خۆم یاریزانی باسکە بووم و خوێندکاری کۆلیژ بووم، یەکێتی باسکە هەستا بە کردنەوەی خولێکی ناوبژیوانی بۆ کچان و کوڕان، منیش توانیم بەشداری بکەم و بوومە ناوبژیوانی پلە سێ و لە دوای ئەوە برەوم بە کارەکەم دا و دواتر بەشداریم کرد لە چەندین خول و راهێنانی دیکە، هەتا گەیشتمە ئاستی ناوبژیوانیی پلە یەکی عێراق.

● **هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- هەرگیز ئەو بۆچوونە بە مێشکمدا نەهاتووە، چونکە بە راستی یارییەکەم خۆش دەوێت.

● **بیرت لەوە نەکردۆتەوە تیپێکی باسکەی کچان لە سلێمانی درووست بکەی؟**

- لە ئێستادا نەخێر، چونکە مەبەستمە گرنگیی زیاتر بەم کارەی خۆم بدەم و بگەمە ئەو ئاستەی مەبەستمە، بەڵام ئەگەر رۆژێك پێویست بکات بۆ خزمەتی کچانی شارەکەم ئامادەم بیکەم، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم لە ئێستادا کەسانی زۆر بەتوانا و خەمخۆر گرنگی بە تیپەکانی کچان دەدەن و دەستخۆشیان لێ دەکەم .

● **ئاستی یاریی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- پێش ئەم بارودۆخەی کە رووی لە هەرێمی کوردستان کرد، ئاستی تیپەکان زۆر باش بوو، زۆربەی پاڵەوانێتیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدران، بەڵام لە ئێستادا زۆر خراپ بووە و تیپەکان بە هۆی نەبوونی پاڵەوانێتی زۆرینەیان مەشقەکانیان کەم کردۆتەوە، ئەگەر بارودۆخ بەرەو باشی بڕوات، بێگومان زۆر یاریزانی بەتوانامان هەیە و زۆربەشیان لە ئاستی عێراق یاری دەکەن، ناوبژیوانانی هەرێمی کوردستانیش بەشداریی پاڵەوانێتی عێراق دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گرنگی باشی پێدراوە و کەسانی زۆر بەتوانامان هەیە.

● **چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرەوپێش بچێت؟**

-بودجەی تایبەتی بۆ دابین بکرێتەوە بۆ ئەوەی یەکێتی باسکەی کوردستان بکەوێتەوە سەر رێچکەی کارەکانی و کردنەوەی خولی راهێنان و داوەری و کردنەوەی پاڵەوانێتی بۆ هەموو ئاستەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان یەکێتی باسکە و زانکۆکان بۆ ئەوەی لە تازەترین توێژینەوە و بە دواداچونی وەرزشی بە ئاگا بن، هەروەها وۆرك شۆپ بۆ ناوبژیوان و راهێنەر و یاریزان ئەنجام بدرێت.

● **بەرنامەت بۆ خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکەم بگەمە ئاستی نێودەوڵەتی لە یارییەکەدا و برەوی زیاتر بە خوێندنەکەم دەدەم کە ئێستا خوێندکاری ماستەرم لە سکوڵی پەروەردەی وەرزش لە زانکۆی سلێمانی.

● **هیواو و ئاواتی گەورەت لە وەرزش چییە؟**

- هیوادارم وەك ناوبژیوانێکی کچ بەشداری لە پاڵەوانێتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق بکەم.

● **چی بە کچان دەڵێی بۆ بواری ناوبژیوانی؟**

- هیچ شتێك گران نییە، ئەگەر متمانەی تەواویان بە خۆیان هەبێت، هیچ کات کۆڵ نەدەن لە ناخۆشی و رێگرییەکان، بۆ کاری ناوبژیوانی دەبێت بەهێز بیت و بەردەوام هەوڵ بدەیت. وەك خۆم چی لە توانام هەبێت دەیکەم بۆ ئەوەی کچانی زیاتر بێنە نێو بوارەکە.

● **پێشنیار و داواکاریت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- گرنگیی زیاتر بە وەرزشی کچان بدرێت و داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی هەوڵی زیاتر بدەن و وەرزش فەرامۆش نەکەن، چونکە خەریکە ئەوەی لە ساڵانی پێشوو بنیاد نراوە بە تەواوی لە ناو دەچێت.

● **بۆچی کچان بە دەگمەن نێو یاریی باسکە و کاری ناوبژیوانی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- بەپێچەوانەوە، من خۆشحاڵم بەوەی کە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان تیپ و قوتابخانەی تایبەت بە یاریی باسکەمان هەیە بۆ کچان. بۆ نموونە لە شاری سلێمانی یانەکانی (ئەفرۆدێت و دەربەندیخان و رێکخراوی ژیما) هەن، لە دهۆك قوتابخانەی تایبەت بە یاریی باسکە هەیە، بەڵام وەك کاری ناوبژیوانی لە نێو یەکێتی باسکەی سلێمانی بە تەنیا منم کە ئەمە زۆربەی کات بۆ من جێگەی دڵگرانییە.

● **ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سەربەرزی بۆ سەرجەم شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان. سوپاسم بۆ بەسەرکردنەوەتان وەك گۆڤاری گوڵان هەیە. سوپاسی تایبەتم بۆ باوکی خۆشەویستم (بیلال مەولوود) کە بەردەوام پاڵپشت و هاوکارمە و بەڕێزیان سکرتێری یەکێتی باسکەی سلێمانیین. هەروەها سوپاسی هەموو مامۆستایان و هاوڕێیانم دەکەم کە بەردەوام پاڵپشتی منن، بەتایبەتی هاوڕێ داوەرەکانم کە بە پێویستی دەزانم ناویان بهێنم، چونکە وەك یەك خێزانین، ئەوانیش هەر یەك لە مامۆستایانی بەڕێز (دارا قادر - ئارام سەمیر - بۆکان حەسەن - رێبین تۆفیق - زمکان عوسمان - کارزان عومەر).